# کۆتایی هاتنی کەمپەین و دەسپێکێکی نوێ، بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیروڕاو مافی مرۆڤ

خۆشبەختانە د.کەمال سەید قادر ئازادکرا، بەم هۆیەشەوە هەڵمەتێکی فراوان کە بۆ ئازادکردنی ئەو لە چوارچێوەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربریندا بۆ ماوەی چەند مانگ لە ئارادابوو، بەکردەوە کۆتایی پێهات. ئێمە لەگەل ئازادبونی د.کەمالدا بە بەیانێك پیرۆزبایی خۆمان بە کەس وکاری و بەرەی پێشکەوتنخواز و لایەنگرانی مافی مروڤ و ئازادی راگەیاندو، ئەمەمان بەسەرکەوتنی کەمپەین و بەرەی ئازادی ئازادیخوازی زانی.

ئێمە ئیستا لە کاتێکدا جاریکی تر پێدادەگرین لەسەر ئەو روانین و بۆچونەمان، وە ئازادی د. کەمال بە سەرکەوتنیکی گەروره و بەبەرهەمی ئەو هەڵمەتە فراوانەدەزانین کە بۆ ئازادی وەڕێخرابوو، هاوکات ئەوە بەهەموو ئەو ئازادیخوازانە ڕادەگەیەنین کە گۆرانی هەڵویستی د. کەمال، یان هەڵبژاردنی ئینتمای سیاسی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، تەنانەت هەرلێدوانێکی نادروست کە لەسەر کەمپەین و ئەو هەڵمەتە ئازادیخوازیەی بۆی کرا، توزقاڵێك ئێمە ناچار بە پەنجەگەزین و پەشیمانی لەوکارەی کراوە ناکات. ئەمە ئیتر خۆی لێی بەرپرسەو پەیوەندی بە کەسایەتی خۆیەوە هەیە.

کەمپەینێکیش کە ئێمە زەمینی ترین و چالاکترین بەشی بوین و چەندین خۆپیشاندانمان لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکا و نەمسا لە زورێك لەوولاتەکانی دنیا سازداو بەشێوەیەکی زۆر شارستانیانە لەو پەیوەندەدا هەڵوێستمان گرت و بووینە سەکۆی دەنگی ئازاد و ئازادیخوازی، وە جگە لە کێشەی دکتۆر کەمال کەم تازۆریك لەسەر هەر دۆزێکی تری پەیوەندی دار بە ئازادی سیاسی و بیروڕادەربرینەوە لەگۆرەپانی بەرگری لە ئازادیدا ڕاوەستاویمان نیشاندا.

ئێستا کە دکتۆر کەمال سەید قادر ئازادکراوە، لەکاتێکدا بەم ڕاگەیاندنە کۆتایی کەمپەین ڕادەگەیەنین، هاوکات ئیمە وەکو کەسانیك کە نەك هەربروامان بە ئازادی بی قەیدوبەندی سیاسی و بیروراو رادەربرین و مافەکانی مرۆڤ هەیە، بەلکە تیکۆشەری بەکردەوەین بۆ بەرگری لیکردنیان، لەو راوانگەیەشەوە کار و چالاکی و هەڵسورانمان بۆ بەرگری لە ئازادی سیایی و بیرورا و مافی مرۆف،دریژە پیدەدەین و لە نزیکترین ماوەشدا لە چوارچیوەی ریکخراوەیەکی تردا خۆمان ریك ئەخەینەوەو کارەکانی داهاتومان بە پی ی نەخشە و پلاتفۆرمیك ریکخراو ئەکەین، لەهەرکات و ساتێکیشدا پێویستی کرد لە پەیوەند بە کێشەی جۆراوجۆرەوە کەمپەین وەڕێدەخەین.

لەکۆتاییدا جاریکی تر ستایشی هەڵوێستی خەباتکارانەی هەموو ئەو ئینسانە پێشکەوتنخوازانە دەکەین کە لە کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالدا، بە پشودریژیەوەو لە ڕوانگەی بڕوابونیان بە ئازادی سیاسی و بیروراو بەرگری لەمافی مرۆڤدا تێکوشان و ماندوبوون.

کەمپەینی ئازادی بۆ د. کەمال سەید قادر

کۆمیتەی سەرپەرشتیکار

2006-4-20